# گورگ و مەڕ

چیرۆک: فۆلکلۆر

لە رۆژێکی پاییزیدا، مەڕێکی جوان و ژیکەلە لە مێگەلدا بەجێما، چبکا.. چ نەکا؟ چوو لە دۆڵێکدا پەنایەکی ئارامی دیتەوە.. زستانێ لەوێ مایەوە، کە بەهار هات.. بەرخێکی خڕوخرپنی بوو..، ئیدی هەموو رۆژێک لەگەڵ بەرخۆڵەکەی ئەلەوەڕا.

رۆژێکیان لە هیکەوە گورگێک لەمێشە هاتە دەر و پێی گوتن:

کێ رێی پێداون لە مڵکی من بلەوەڕێن؟!


مەڕیش گوتی: بۆ خاتری خوا.. من هەموو زستانێ لێرەبووم، قەت رۆژەکی گورگەکم نەدیت بڵێ ئێرە مڵکی منە..، ئێستا بۆ ئێرە بووە مڵکی تۆ..؟

گورگ گوتی: ئێرە مڵکی منە و...شایەدیشم بۆ قسەکانم هەیە..

مەڕەکە گوتی: شایەدت کێیە؟

گورگ گوتی: شایەدم رێوی یە..!

مەڕیش گوتی: باشە برۆ رێوی بێنە بزانین شایەدیت بۆ ئەدا یان نا ؟





گورگ چوو رێوی بێنێ، مەڕیش چوو بۆ خۆی شایەدێک ببینێتەوە، لە ڕێدا سەگی دیت..، پێی گوت: گورگ تەنگاوی کردووم و ئەیەوێت بەرخەلۆکەم بخوات، ئەڵێت: چۆن لە مڵکی من لەوەڕت کردووە و ژیاویت، ئەیەوێ رێویش بکاتە شایەدی خۆی، جا توخوا یارمەتیم بدە و فریامکەوە.. بزانە چبکەم؟

سەگەکە گوتی: خەمت نەبێ.. تۆ لەگەڵ من وەرە..، ڕۆیشتن و چوونە ئەو مێرگەی کە گورگی لێبوو.. سەگەکە گوتی: من لە پشت ئەم دارانە خۆ ئەشارمەوە. تۆ بە گورگ بڵێ من نە بڕوا بە تۆ ئەکەم و نە بەڕێوی، من تەنیا ئەوکاتە باوەڕت پێئەکەم کەسوێند بە وەجاخی من بخۆی، و بڵێ وەجاخی من لە بن ئەو دارانەیە. کە هات و ویستی سوێند بخوات، من ئەیخنکێنم.

سەگەکە خۆی لەپشت داران شاردەوە و گورگ و رێوی هاتنەوە.



گورگ گوتی:  ئەوەتا شایەدم هێنا..
ڕێوی گوتی: من شایەدی بۆ گورگ ئەدەم کەئێرە مڵکی گورگە.
مەڕ گوتی: من بڕواتان پێناکەم.. ئەگەر سوێند بەوەجاخی من بخۆن، من بەرخەکەی خۆمتان ئەدەمێ،
هەردووکیان لە مێشە نزیکبوونەوە، ڕێوی تروسکەی چاوی سەگی دیت، گوتی: نا، وەجاخی تۆ پیرۆزە، من نوێرم سوێندی پێ بخۆم.. خۆتان لەگەل یەک ڕێککەون.
مەڕ بە گورگی گوت: بزانە ڕێوی سوێندی نەخوارد کە وابوو ئێرە مڵکی تۆ نیە.
گورگ گوتی: ڕێوی ترسنۆکە من خۆم سوێند ئەخۆم، کە لە مێشەکە نزیک بۆوە، سەگەکە هاتە دەر و گەرووی گورگی گرت.
گورگ بە بڵغە بڵغ گوتی: ڕاست ئەکەی وەجاخت پیرۆزە، ئێرە مڵکی من نیە، ئەمویست تەنگاوت کەم تا بەرخەکەت بخۆم.
سەگەکە گورگی بەرداو.. گورگ تێی تەقاند و هەڵات، سەگ و مەڕو بەڕخیش گەڕانەوە.. تاگەیشتنەوە کن خاوەنەکەیان.

